# ئەوەی قورئان دەخوێنێت وشارەزا و بەهرەدارە تێیدا ئەوا لەگەڵ نێردراوە چاکەکارە ڕێزدارەکانە

له عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەوەی قورئان دەخوێنێت وشارەزا و بەهرەدارە تێیدا ئەوا لەگەڵ نێردراوە چاکەکارە ڕێزدارەکانە (لەگەڵ فریشتەکانە)، وئەوەی قورئان دەخوێنێت بەڵام زمانی دەگیرێت وقورسە لەسەری؛ ئەوا ئەم کەسە دوو هێندە پاداشتی بۆ هەیە».

[سەحیح - ڕاست] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە ئەو کەسەی قورئان دەخوێنێتەوە، وبە چاکی و وردی لەبەریەتی، وشارەزا ولێهاتووە لە خوێندنەوەیدا، ئەوا لە قیامەتدا پاداشت دەدرێتەوە بەوەی پلەی لەگەڵ پلەی فریشتە نێردراوە ڕێزدارە چاکەکارەکان دەبێت، وئەوەی قورئان دەخوێنێت وقورسە لەسەری وزمانی دەگیرێت لەکاتی خوێندنەوەیدا؛ بەهۆی لاوازی لەبەرکردنی لەگەڵ ئەمەیشدا هەوڵی چاك دەدات، بەڵام هەر قورسە لەسەری ئەم کەسە دوو پاداشتی بۆ هەیە؛ پاداشتی خوێندنەوە وپاداشتی هەوڵدان وماندووبوونی لە خوێندنەوەیدا.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee